# دینار و دۆلار، گەمەی زار ومار

ڕێبوار کەریم وەلی

ماوەیەکە بازاڕی کوردستان تووشی هەڵبەز و دابەزێکی سەیر بووە، ڕۆژێك دینار بەرز دەبێتەوە و ڕۆژێکیش دادەبەزێ، ئەوە جوێ لەوەی گیرفانی خەڵك پڕ و بەتاڵ دەکات، تانسیۆنی خەڵکیش بەو گەرمایە دەچێتەسەر و دێتەخوار، دوور نییە زۆر دڵیشی ئەگەر لە لێدان نەخستبن، لەرزۆك و لاواز کردوون. ئەوەی دۆلاری هەیە دەستەودوعای بەرزبوونەوەیەتی و وەك ڕۆستەمی زاڵ بەشانوباڵیدا هەڵدەڵێ. ئەوەیش کە دیناری هەیە و دەزانێ پارەکەی لەسەرەمەرگدایە، دەچێ لای شێخ و مەلا نوشتە و دوعای بۆ دەکات. ئەوەش هەمموو لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە دەستەڵاتی کوردی و سەرمایەدارانی نێو دەستەڵات بۆ پڕکردنی ئەو لاسوچانەی گیرفانیان کە هێشتا بەتاڵ ماونەتەوە نەك هەر قسەیەکی خێر بۆ ئەو خەڵکە ناکەن، بگرە ئەو خەڵکەیان وەك مەڕی بێشوان تەسلیمی گورگەکانی بازاڕ کردووە. خۆیان تا بۆیان بکرێ کەمترین بایەخێك بەوە نادەن کە ئەو خەڵکە لەو بەزمەدا چی لێ بەسەردێت و گوزەرانیان چی لێدێت. گرنگ ئەوەیە ئەوان خۆش بژین..........

حەزرەتی بریمێر ئاخیرەکەی شەکری شکاند و بەناوی گێراندنەوەی سەقامگیری بۆ بازاڕەکانی عێراق و کوردستان نرخی لەسەر دیناری سویسری (ئەو پارەیەی ئێستا کورد کاری پێدەکەن) دانا. بە پێی ئەو نرخەی کە ئەو زاتە دایناوە کورد جارێ (چونکە مەرج نییە زەرەرەکە بەوەندەش بوەستێ) لەهەر دینارێك کە لەماڵەوە هەیانبێ نزیکەی ٣٠٠ فلسیان زەرەرە. هەر دینارێك بە ١٥٠ دینار لەو پارەیە دەگۆڕدرێتەوە کە بڕیارە لە ناوەڕاستی تشرینی یەکەمەوە بکەوێتە بازاڕەوە. ئەو پارەیە (چاپی نوێ) سەربەسەر بە دیناری چاپی سەدام دەگۆڕدرێتەوە. خەڵك نازانێ چی بکات، هەندێکی دۆلار دەکڕێ و هەندێکی دینار. ئەو کەلوپەلەی تا دوێنێ بە دینارێك بووە دەمودەست بوو بە دوو دینار بێئەوەی داهاتی خەڵك قڕوشێك زیاد بکات.

نازانم ئێمە چی قەرزداری ئەمریکاین کە دەیەوێ تۆڵەمان لێبکاتەوە، ئەوە دەستەڵاتی کوردی خەریکی رووتکردنی خەڵکە ئەی ئەمریکا چی؟ بەلاّم هەقیقەتەکە ئەوەیە کە وەك کورد دەڵێ : بە با و باران لە عومری بەفر کەم دەبێتەوە. !

ئەمریکا بڕیارێك دەردەکات و کورد وەك مەڕی خوا بێ ئەوەی نوقڤەیان لێوە بێت قەبوڵی دەکەن، وەك ئەوە وایە ئەگەر ئەمریکا نەبێ لە برسان دەمرین!نازانم، سەرم سوڕماوە، میللەتێك کە ئێستا لەوپەڕی ئازادی دایە و کەس پێیان بڵێ پشتی چاوتان برۆیە، چۆن دەتوانن ئەو هەمموو غەدرە قەبوڵ بکەن و دەنگێکی بچوکیشیان لێوە دەرنەیەت؟

rebwar2001@yahoo. com

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی حاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.